# گرنگییەکانی شیعر بۆ منداڵان.. رەزا شوان



لە زمانی کوردیدا، ئەم چوار وشەیە (شیعر، هۆنراوە، هەڵبەست، هۆزان) هاومانانن و بۆ یەک مەبەست بەکاردەهێنرێن. بەڵام وشەی (شیعر) لە ئەدەبی کوردیدا زیاتر دەقی گرتووە و لە وتن و نووسیندا زیاتر بەکاری دەهێنین. من پێموایە کە وشەی (هۆنراوە) کە هونەری هۆنینەوە دەگەیەنێت، چێژی لە وشەی (شیعر) کەمتر نییە.

شیعر، جوانترین و ناسکترین شێوەیە لە شێوەکانی هونەر. کە زۆر لە کۆنەوە سەری هەڵداوە. رەخنەگران و مێژوونووسانی کۆن، جەختیان لەسەر ئەوە کردووە، کە شیعر تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لەگەڵ پەخشاندا جیاوازی هەیە. شیعر گوزارشتێکی پڕ لە هەست و سۆز و خۆشەویستییە، کە لە ناخی دەروونی شاعیرەوە دێت.
شیعر هۆیەکی گرنگە بۆ گوزارشتکردن لە هیوا و خەون و خەیاڵ و نیاز و سۆزداری و باوەڕ و رازەکانمان. شیعر زمانی رۆحمانە. دەوترێت (شیعر زمانێکە لەناو زمان دایە) مەبەستیش لەم قسەیە، ئەوەیە کە شیعر زمان و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە.

شیعر گرنگترین لقە لە لقەکانی ئەدەب، فۆرمێکی نایاب و سەرنجڕاکێشە. هەست و چێژ و خۆشییەکی تایبەتی بە دڵ و دەروونمان دەبەخشێت. لە کۆنەوە شیعر تێکەڵاوی خوێنمان بووە و بووە بە بەشێک لە ژیانمان، هەستمان دەبزوێنێ و بووە بە وێردی سەر زمانمان و بە خۆراکی دەروونمان. بووە بە چەکی بەرگریمان.
کاریگەرییەکی زۆری لە رۆحی رەوانماندا هەیە. بە شیعریش گۆزارشتمان لە خۆشییەکان و ناخۆشییەکانی ژیانمان کردووە.

(هیمۆت) دەڵێت:"ئیمپراتۆرییەکان لەناودەچن، بەڵام شیعری باش هیچ کاتێک لەناو ناچێت".

شیعری منداڵان، سەرەڕای ئەوەی کە چێژ و خۆشییەکی زۆر بە منداڵان دەبەخشێت. جۆگایەکی خوڕیشە لە رووباری رۆشنبیریی منداڵان. گەورەترین کاریگەریشی لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵاندا هەیە. بۆیە شیعر بووە بە بەشێک لە کتێبەکانی خوێندنەوەی کوردی.
شیعری منداڵان، نزیکترین هونەرە لە دەروونیانەوە. گرنگترین کاریگەریی لەسەر

کەسایەتی و ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵان هەیە. لە کۆنەوە دایکانی بەسۆز و میهرەبانی کوردمان، بە لایلایە و لۆرین و گورگانە شەوێ و لاواندنەوە، بە دەنگێکی ناسک و بە ئاوازێکی پڕ بەسۆز و شیرین، لەگەڵ ڕاژەندنی بێشکە و لانکەکانی کۆرپە شیرینەکانیان، بە سۆزەوە کورپەکانیان لاواندوونەتەوە و ژیریان کردوونەتەوە و کردوویاننە خەوێکی خۆش.
(لامارتین) دەڵێت:"جوانترین شیعر لە سەرانسەری جیهاندا، لایلایەی دایکانە".

هەموو منداڵان، هۆگری گۆرانی و شیعر و سروودن. بە تایبەتیش ئەو شیعر و سروودانەی کە خۆشی و شادییان پێ دەبخەشن. ئەو شیعر و سروودانەی کە باسیان لە ژیان و ژینگە و باڵندە و ئاژەڵ و گوڵ و پەپوولە و لە خۆشی و لە یاری و شادی و ئازادی و لە جوانی کوردستانی قەشەنگ و شیرینمان و لە سەرچڵییەکانی منداڵان کردوون. یا باسیان لە هیوا و خواست و لە خەون و خەیاڵ و لە ڕاز و نیازی پاکیان و لە ئارەزووەکانیان کردوون. کە بە ئاسانی لێیان تێدەگەن و ژیان و خەیاڵی خۆیان تێیاندا دەبیننەوە. چێژ و خۆشیان لێوەردەگرن.

نووسین و پێشکەشکردنی شیعری جوان، بە شێوازێکی هونەریی دیاریکراو، تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ بەهرە و ڕۆشنبیری و ئەزموونی سەرکەوتووی شاعیر.

## خەسڵەتە گونجاوەکانی شیعری منداڵان



بە کورتی و بە چڕی لەم خاڵانەدا، باس لە تایبەتمەندی و لە گرنگترین خەسڵەتە گونجاوەکانی شیعر بۆ منداڵان دەکەین.

١- پێویستە شاعیری شیعرنووس بۆ منداڵان، بەر لە هەموو شتێک و مەرجێک، ئەوە بزانێت کە شیعرەکانی بۆ منداڵان دەنووسێت نەک بۆ گەورەکان. نووسینی شیعریش بۆ منداڵان، کارێکی هەڕەمەکی و ئاسان نییە. چونکە نووسینی شیعر بۆ منداڵان، هەر ئەوە نییە کە شاعیر چەند دێڕێکی کێش و سەروادار ڕێکبخات و ناوی لێبنێت (شیعر بۆ منداڵان). شیعری منداڵان بنەما و تایبەتمەندی و مەرجی خۆی هەیە. کە پێویستە شاعیر لە کاتی شیعر نووسین بۆ منداڵان ڕەچاوی ئەو مەرجانە بکات. پێویستە شارەزایی لە قوناغەکانی گەشەکردنی منداڵان هەبێت و خواست و ئارەزوو و هیوا و خەونەکانیان لەبەرچاوبگرێت. چونکە شاعیری منداڵان کاتێک دەتوانێت کە شیعری جوان و دروست و گرنگ و بەسوود و کاریگەر بۆ منداڵان بنووسێت، کە شارەزایی تەواوی لە قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵان هەبێت، لە رووی توانای دەروونی و جەستەیی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری و هزری و خەیاڵ و حەز و ئارەزووەکانی منداڵان. پێویستە شاعیرانی شیعرنووسی منداڵان دەروونناس و پەروەردەکار و مامۆستا و هونەرمەندبن . ناشبێت لەژێر کاریگەریی هیچ ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراودابن و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی بۆ منداڵان هەبێت و بەرەو لایەنێکی دیاریکراو ئاراستەیان بکات.

٢- جەختکردن لەسەر شیرینی و ناسکی و ئاسانی زمانی شیعر بۆ منداڵان، بەپێی قۆناغەکانی تەمەنیان و بەپێی وشە و رستە گونجاوەکانی فەرهەنگی زمانیان. پێویستە وشەکانی شیعری منداڵان ئاسان و ناسک و ڕەوان بن، تەڕ و پاراوبن. بەبی گرێ و گۆڵبن. وەکو گوڵ جوان و گەش و بۆنخۆشبن، وەکو پەپوولە نەرم و نیان و نەخشینبن. وەک پەلکەزێڕینە ڕەنگاوڕەنگبن. بە تەواوی وەک دڵپاکی و بێتاوانی و راستگۆیی و جوانی و سادەیی منداڵان بن، کە پاک و جوان و بێتاوان و ڕاستن. ئەم مەرجانەش وا پێویست دەکات، کە شاعیرانی منداڵانی کوردمان، شارەزاییەکی باشیان لە زمان و لە ڕێزمانی کوردی لە داڕشتنی رستەدا هەبێت.

٣- وا باشە کێشی نیوە دێڕەکانی شیعر بۆ منداڵان، ژمارەی بڕگەکانیان لە (٦، ٧، ٨ ، ١٠) بڕگە زیاتر نەبن. کێشی بڕگەیی "پەنجەیی" ئاسانترین کێشی شیعری منداڵانە. باشتریش وایە، ژمارەی وشەکانی هەر شیعرێک بۆ منداڵان لە (٥٠) وشە زیاتر نەبن. (کێش) و (ترپە) و (میوزیک) سێ بنەمای سەرەکین لە شیعردا. پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترین. یا گیانێکن لە سێ جەستەدان.
ریتم و تەکنیکیش پێویستە بەپێی پێوەرەکانی شیعری منداڵان ڕێکبخرێن.

٤- دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ڕەوانبێژی و تێز و ئاڵۆزی لە شیعر بۆ منداڵان.

٥- هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی، کە لەگەڵ ژیان و گرنگی پێدانی منداڵاندا گونجاون و لە ژینگەیانەوە نزیکن و بۆ ئەم سەردەمە بگونجێن.

٦- پێویستە شیعری منداڵان، بابەتی ڕەوشتی و پەروەردەیی و دەروونی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و ژینگەپارێزی و مرۆڤایەتی لە خۆ بگرێت، تا لە منداڵییەوە بە ئەم بەها و پرەنسیپە بەرز و جوانانە رابهێنرێن.

٧- پێویستە ئەو سروود و شیعرانەی کە ئاوازیان بۆ دادەنێن و دەکرێن بە گۆرانی و بە سروود بۆ منداڵان و لە تەلەفزیۆنەکاندا تۆماردەکرێن. لەژێر چاودێریی کەسانی پسپۆر و شارەزای بواری ئەدەبی منداڵان و دەروونناسی و پەروەردە و هونەری منداڵاندابن. چونکە منداڵان ئەم هۆنراوانە لەبەردەکەن. کاریگەرییان لە ژیانی منداڵاندا دەبێت.

٨- پێویستە شاعیرانی شیعرنووس بۆ منداڵان لە بواری پەروەردە و دەروونناسی و ئارەزووەکانی منداڵان نابەڵەد نەبن.

٩- پێویستە شاعیرانی شیعرنووسی منداڵان ئەوە بزانن، کە شیعری منداڵان، وەک هەر بابەتێکی تری ئەدەبی، پێویستی بە داهێنان و گەشەکردن هەیە. پێویستی بە تەکنیک و ستایل و بە شێوازی گوزارشتکردنی تازە هەیە. چونکە منداڵانی ئەمڕۆ منداڵانی سەدەی رابردوو نین. خواست و هیوا و خەون و ئارەزووەکانیشیان جیاوازن.

١٠- پێویستە شاعیرانی شیعرنووس بۆ منداڵان، ناونیشانی کورت و گونجاو بۆ شیعرەکانیان دابنێن. ناونیشانەکانیش گوزارشت لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیان بکەن.

١١- مانگی ئەپریلی هەموو ساڵێک، بە مانگی شیعری نیشتمانی دانراوە. ئەم مانگە بقۆزنەوە و هەوڵبدن کە زۆرترین شیعری نیشتمانی بۆ منداڵەکانتان بخوێننەوە.

١٢- شیعری ئازاد بۆ منداڵان، لە لای منداڵان چێژێکی ئەوتۆی نییە، وەک ئەو چێژەی کە لە شیعری کێشدار و سەروادار و میوزیکدار و ئاوازداردا وەری دەگرن. دەڵێن: شیعری ئازاد بۆ منداڵان، وەک مێزی بێ تۆڕی یاریی تێنسی سەر مێز وایە. (ئازار پاد) دەڵێت:"کاتێک کە شیعر لە ئاواز دووربکەوێتەوە، وشک دەبێتەوە".

ناڵێین، شیعری ئازادی جوانمان بۆ منداڵان نییە، بەڵام زۆر کەمن. لە ئەزموونی دوو سێ شاعیر زیاتر نییە، ئەوانیش جاروبار شیعری ئازاد بۆ منداڵان دەنووسن. هەندێ شیعریش کە لەژێر ناوی شیعری ئازاد دایە بۆ منداڵان، لە راستیدا، هیچ چیژێکی شیعرییان تێدا نییە. بریتین لە پەخشانی نیوچە هونەریی سادە، نەک شیعر. با ئەم بابەتە بۆ رەخنەگرانی شارەزای بواری شیعری ئازاد بەجێبهێڵین.

# گرنگییەکانی شیعر بۆ منداڵان



لەو بڕوایەدام، بە زانینی گرنگییە سەیرەکانی شیعر بۆ منداڵان سەرسام دەبن. زۆر بە کورتی باس لە چەند گرنگییەک لە گرنگییەکانی شیعر بۆ منداڵان دەکەین:

١ـ شیعر گەشە بە زمانی منداڵان دەکات و شارەزایی زمانی داهێنانیان زیاتر دەکات. توانایەکی زیاتریشیان دەبێت بۆ گوزارشتکردن لە سۆز و خەیاڵ و لە هەستەکانیان. بۆ گەشەکردنی بەهرەی نووسینیان لە شیعردا. فەرهەنگی وشەکانیشیان دەوڵەمەنتر دەکات، لە ڕێی خوێندنەوە و بیستنی شیعرەوە کۆمەڵێک وشە و ڕستەی تازە فێردەبن.

٢ـ شیعر هۆیەکی گرنگە بۆ منداڵان، بۆ گوزارشتکردن لە بیر و ناخ و سۆز و دەروونیان، بۆ گەشەکردنی خەیاڵ و بەهرەی ئەدەبی و هیوا و خولیا و خەونەکانیان.

٣ـ زۆر گرنگە هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانتان بە چێژ و حەز و خۆشەویستی بۆ شیعر رابهێنن. نەک تەنیا هەر لە قوتابخانەدا، بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەیان و لە پەیوەندییەکانیشیاندا سوودیان پێ دەبەخشێت.

٤ـ شیعر گەڵی دەرگای بەسوود و گرنگ بۆ منداڵەکانتان دەکاتەوە، کە بە درێژایی ژیانیان سوودیان پێدەبەخشن. کەواتا نابێت گرنگی و سوودەکانی شیعر بۆ منداڵان فەرامۆش و پشتگوێ بخەن.

٥ـ شیعر ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەرییەکی زۆری لە پەروەردەکردنی دروست و لە ئاراستەکردنی ڕاستی منداڵاندا هەیە. لە ئامادەکردنیان بۆ ژیان و داهاتوویەکی گەشتر.

٦ـ شیعری شیرین و جوان ناسک، پێداویستییە دەروونییەکانی منداڵان مەست دەکات. زاخاوی بیرۆ و هۆش و هزریان دەدات. چێژی جوانیان پێ دەبەخشێت.

٧ـ بە دەنگێکی بەرز و خۆش و شیرین شیعر بۆ منداڵەکانتان بخوێننەوە. دەشێ هێشتا منداڵن و لە واتاکانی وشەکان تێنەگەن، بەڵام هەست بە چێژی موزیکی و ترپەی سەرروای شیعرەکان دەکەن. بە مەرجێک شیعرەکان سووک و ئاسان بن.

٨ـ شیعری شیرین، بوارێکی باشە بۆ فێرکردنی منداڵەکانتان بە زمانی کوردیمان.

٩ـ شیعر هانی منداڵان دەدات بۆ خوێندنەوە و بۆ دەرخستنی بەهرەی ئەدەبییان.

١٠ـ شیعر ئاسۆی بیر و ئەندێشە و خەیاڵی منداڵان فراونتر و گەشتر دەکات و یارمەتییان دەدات بۆ بیرکردنەوە لە داهێنان و پێشکەوتن.

١١ـ شیعر، منداڵان بە گەلێ بابەتی هەمەجۆرە و بە هەستی جیاواز دەناسێنێت.

١٢ـ سەرروای ناسکی شیعر، ڕێگەیەکی نایابە بۆ منداڵانی بچووک، بۆ گەشەکردنی هۆشیارییان و ئاشنابوونیان بە زمانی دایک و بە جۆری دەنگەکان و ترپەکان.

١٣ـ ئەو منداڵە بەهرەمەندانەی کە هۆگری خوێندنەوەی شیعر دەبن و لە لایەن دایکان و باوکان و دادەکانیان و مامۆستاکانیانەوە هاندەدرێن و پەروەردە دەکرێن، هەر لە منداڵییەوە ئالوودەی چێژی شیعر دەبن و لە ژینگەیەکی شیعر دوستدا پەروەردە دەبن. شەیدای خوێندنەوەی شیعر دەبن. ناتوانن بە درێژی ژیانیان واز لە خوێندنەوەی شیعر بهێنن. شیعر دەبێت بە بەشێک لە ژیانیان. بە دووریشی مەزانن، کە هەندێک لەم منداڵانە ببن بە شاعیر و بە نووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان. منداڵان هەر بە خۆڕسکی ئارەزووی گۆرانی و ئاوازی شیرینیان تێدایە. گەلێک لە کەڵە شاعیرانی کورد و جیهانی، لە منداڵییەوە هۆگری شیعر نووسین بوون، لەگەڵ شیعردا ژیان و گەورەبوون، تا بوون بەو شاعیرە مەزن و ناسراوانە.

١٤ـ لە میانەی شیعرەوە، بەهرە و گەلی لە تواناکانی منداڵان دەردەکەون، وەک دەنگڕەوانی و بە جوانی پێشکەش کردنی شیعر و دەرخستنی ئازایەتی ئەدەبییان.

١٥ـ شیعر و سروود، رۆحی کوردایەتی و هاوبەستەبوون و کوردستان پەرروەری لە دڵی منداڵاکانتان شیرینتر دەکات. پەرۆشێکی زیاتری نیشتمانییان دەبزوێنێت. زیاتریش پابەندی نەریت و بەها نیشتمانییەکان دەبن.

١٦ـ شیعری شیرین و گونجاو بۆ منداڵان، گەشە بە چێژی ئەدەبی منداڵان دەکات و هەست دەوڵەمەنتریان دەکات و هانیان دەدات بۆ دەرخستنی توانا و بەهرەکانیان.

١٧ـ شیعر، هۆکارێکە بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی دروست و بۆ رووانذنی رەوشتی

بەرز و خوو و نەریت و بەهای جوان. بۆ زاخاودانی هۆش و هەست و دەروونی منداڵان. کە کاریگەرییان لە ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوویان دەبێت.

١٨- پەروەردەکردنی منداڵان بە ئاشنابوون و خۆشەویستی بۆ شیعر، نەک هەر لە قوتابخانەدا بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەیان و پەیوەندییەکانیشیاندا سوودیان پێ دەبخشێت.

١٩- شاعیرانی منداڵان، لە میانەی شیعرەکانیانەوە، هانی منداڵانی کوردستان دەدەن، بۆ ژینگەپارێزی، بۆ پاکڕاگرتن و پاراستنی سروشتی جوان و ڕەنگینی کوردستان.

٢٠- شیعر ڕۆڵێکی گرنگی لە چارەسەرکردنی هەندێ گرفتی دەروونی منداڵان هەیە وەکو: ترس، شەرم، گۆشەگیری، دڵتەنگی هەیە.

٢١- شیعری منداڵان، یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیریی منداڵان، کە گەلێک ناوەڕۆکی گرنگیان بۆ کورت دەکاتەوە.

٢٢- زۆریش پێویستیمان بە لێکۆڵینەوە و بە ڕەخنەی زانستی بنیاتنەر هەیە، بۆ لە بێژنگدانی شیعرەکانی منداڵان. بۆ دیاریکردنی لایەنی جوانییان و بۆ دیاریکردنی هەڵە و نادروستییەکانیان، لە هەموو ڕوویەکەوە. چونکە شیعر بەبێ ڕەخنە پێشناکەوێت.

داوا لە شاعیرانی شیعرنووس بۆ منداڵان و لە دادەکانی باخچەکانی منداڵان و لە مامۆستایانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و لە دایکان و باوکان دەکەین، کە منداڵەکانیان و قوتابییەکانیان ئاشنا و هۆگری شیعری جوان و بەسوود بکەن، چونکە شیعر لە زۆر ڕووەوە سوودێکی زۆر نایاب بە منداڵەکانتان و بە قوتابییەکانتان دەبەخشێت.

کەواتا شیعر دەتوانێت ئەرکێکی زۆر گرنگ ببینێت، لە چەند ڕەهەندێکی وەک: پەروەردەیی و نەتەوەیی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و جوانی و سروشتی و ویژدانی و سۆزداری و هزری مرۆڤایەتی. ئەوە شیعری منداڵانە، کە منداڵە چاوگەشەکانتان بە کوردایەتی و کوردستان پەروەری گۆش و پەروەردە دەکات. فێری وانەی نیشتمان پەروەری و دڵسۆزی و خەبات و تێکۆشان و خۆڕاگری و ئازایەتی و دلێری و بەرگری و کۆڵنەدانیان دەکات. ئەوە شیعرە کە ڕۆڵەکانتان فێری ڕەوشت بەرزی و ڕەفتار دروستی و گەشبینی و هیواخوازی و چاکەخوازی و هاوکاری و یارمەتی و لێبووردن و ڕێزگرتن و برایەتی و ژینگەپارێزی و هاوڕێتی و مرۆڤایەتی و زۆر شتی جوانی تر دەکات.

ڕەزا شوان
نەرویج: ٣٠/ ئوکتۆبەر/٢٠٢٢